*Journal of Language Studies.* **Vol. 4, No. 4, Summer 2021, Pages (361-381)**

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# Pattern of Poetic Tale of Love in Water of Life based on Meaning

**Kanyaw Qadir Ali ***
**Kurdish Department, College of Basic of Education, University of Raparin, Kurdistan Region**
**E-mail: kanyaw.qadr@uor.edu.krd**

---

**Assist. Professor Dr. Safya Mohammed Ahmed**
**Kurdish Department, College of Basic of Education, Univesity of Raparin, Ranya, Kurdistan Region**
**E-mail: safya.kurde@uor.edu.kurd**

**Keywords:**

- Poetic Tale Pattern
- unusual meanings
- artistic picture

**Article Info**

**Article history:**

**Received: 12-8-2021**

**Abstract**

The pattern of each literary text based on meaning includes multiple topics, dimensions, and pattern features, each text changes in accordance with genre and the phase in which this text has been written and it is different from another one. Thus, in the light of the title (Pattern of Poetic Tale of Love in Water of Life based on Meaning) by Mahabad Qaradghi this research has been done and it is an effort to introduce and show pattern features of the level of the meaning in this text.

The research consists of two main axes and each axis includes several topics, in the first axis the picture of the arts of the poetic novel has been identified and on the principles of (feeling, wisdom, moving and motionless pictures, solo and

* **Corresponding Author**: Kanyaw Qadir Ali , E-Mail: kanyaw.qadr@uor.edu.krd
**Tel**: +9647501548774 , **Affiliation**: University of Raparin -Iraq

| | |
|---|---|
| **Accepted: 1-9-2021**<br>**Available online** | hybrid texts) they have been separated and explained with examples. Unusual meanings have been shown in different ways in this poetic novel and their language of writing and their picture of the arts are more detailed. They make the readers to think more and to find unclear meanings as well. Thus, the second axis is specialized in unusual meanings and they are shown variously. In the end, the findings of the research have been discussed with several points, then the list of the references comes and abstract in both Arabic and English languages. |

# (اسلوب الرواية الشعرية في ماء الحياة فى المستوى الدلالى)

**كنياو قادر علي**

**د. صافية محمد احمد**

| | |
|---|---|
| **الخلاصة :** تحمل صيغة كل نص أدبي في طياتها على مستوى المعنى كثيرا من الموضـوعات و السـمات النوعية، و كل نص يتغير ويختلف عن غيره حسب صيغة وتعبير الكاتب و الظروف و المرحلة التى كتب فيها النص، لذا تحت ضـوء العنوان (اسـلوب الرواية الشـعرية في ماء الحياة فى مسـتوى الدلالى) لمهاباد قرةداخي أعددت هذا البحث و هو محاولة لتعرف و إظهار السـمات النوعية لمسـتوى المعنى في هذا النص. يتكون البحث من مبحثين رئيسـيين و تنطوي تحت كل منهما عدة موضـوعات، تناول المبحث الأول الصـور الفنية داخل الحكاية الشعرية و حسب أسس (الحسي و العقلي و الحركي و السكوني(الخمود) و المفرد و المركب ) قد ذُكرت بشـكل مسـتقل و شُـرحت بالأمثلة قد طبقت في هذه الحكاية الانحرافات المعنوية بشـتى الطرق و بأشـكال مختلفة بحيث جعلن لغة الكتابة أعمق و أفصح و الصور الفنية أبلغ و أمتع، فيذهبن بالقارئ إلى فك الرموز و حل المعاني الغامضـة، لذا خُصَّص المبحث الثاني بالانحرافات المعنوية، و تظهر بأشكال مختلفة | **الكلمات الدالة:-**<br>–الرومان الشعر<br>– الصور الفنية<br>– الانحرافات المعنوية<br>– الأسلوب<br><br>**معلومات البحث**<br>**تاريخ البحث:**<br>**الاستلام: ١٢_٨_٢٠٢١**<br>**القبول: ١_٩_٢٠٢١**<br>**التوفر على النت** |

| | |
|---|---|
| و متنوعة، و في الختام عُرضــت نتائج البحث في عدة نقاط، مع قائمة المصادر المتعمدة، ثم ملخص البحث فس اللغتي العربية و الإنجليزية. | |

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (شێوازی ڕۆمانەشیعری ئەڤین ئاوی ژیانە لە ئاستی واتایی) هەوڵێکە بۆ شـــیکردنەوە و ناســـاندنی ئەو ڕێچکە و شـــێوازە واتاییە جۆربەجۆرانەی مەهاباد قەرەداغی لە دوو توێی ڕۆمانەشـــیعرەکەیدا پەیڕەوی کردووە و کۆی دەقەکەی لەڕووی واتاییەوە خســتۆتەڕوو. شـێوازیش وەک میتۆدێک ســیما و خەســڵەتە تایبەتیەکانی هەر دەقێک دەســتنیشــان دەکات و دەبێتە هۆی ناسینەوەی مۆرکی تایبەتی هەر داهێنەرێک؛ بەو پێیەی شێواز میتۆدێکە ڕێی گەیشـــتن بەو وردەکاریی و هونەرکارییانە ئاســـان دەکات، کە داهێنەران لە داهێنانی دەقەکانیاندا دەیگرنە بەر، ئەمەش دەبێتە هاوکارێکی باشـــی لێکۆڵەران لە پەیبردن بەو ڕەگەز و تەکنیکانەی پەیکەری دەق پێک دەهێنن. لەسەر بنەمای ئەم تایبەتمەندییەی شێواز هەیەتی ئەو خەسڵەتانە دیاری دەکەین، کە بوونەتە هۆی ناسـینەوەی شـێوازی بەرهەمەکانی مەهاباد قەرەداغی لەڕووی واتاییەوە بە دیاریکراویش لە دەقی ئەڤین ئاوی ژیانەدا.

### هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

دەرخستن و پیشاندانی شێوازی ڕۆمانەشیعر هۆکار و پاڵنەرێکی سەرەکی بووە؛ لەبەرئەوەی ڕۆمانەشـــیعر وەک ژانر تا ئێســـتا کاری لەســـەر نەکراوە و توێژینەوەکەی ئێمە دەبێتە تاکە توێژینەوەی ئەکادیمی کاری لەسەر شێوازی ڕۆمانەشیعر کردبێ بە ئامانجی خستنەڕووی ڕەگەز و تەکنیکە جیاوازەکانی ئەڤین ئاوی ژیانەی لەڕووی واتاییەوە.

### ڕێبازی توێژینەوەکە:

بە سوود وەرگرتن لە ئاڕاستە جیاوازەکانی شێوازناسی و بە پێی پێویستی توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفی شیکاریمان پەیڕەو کردووە.

### پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەر و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی ئینگلیزی پێکهاتووە، بەجۆرێک لە تەوەرەی یەکەمدا وێنەی هونەری و جۆرەکانی بەپێی بنەماکانی بزاوتن و بونیات و هەســـتی و ژیریی و ڕەمزییەوە بەنموونەی ڕۆمانە شـــیعرەکە خراونەتەڕوو، هەرچی تەوەرەی دووەمە لادانە واتـاییەکـانی وەک (دژەڕۆیی ، پـاڕادۆکس ، دانەپـاڵ) وەک شـــێوازێکی دیـاری بەرهەمەکە ناسێنراون، ئەنجامە بەدەست هاتووەکان لە چەند خاڵێکدا کورت کراونەتەوە و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی ئاماژەی پێدراوە.

### شێوازی ڕۆمانەشیعری ئەڤین ئاوی ژیانە لە ئاستی واتادا

بەهێزی و کـاریگەری ئیســـتـاتیکـای هەر دەقێکی ئەدەبی لە چڕی و وردی هێمـا زمـانی و واتاییەکانیەوە دەردەکەوێت، واتا یەکێک لە سـیما جیاکەرەوەکانی زمانی ئەدەبی لە زمانی ئاسـایی لادانە لە زمانی باو و گوزارشت کردنە لە چەندین واتای شاراوە، ئەمەش بە جوانکاری و داهێنان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؛ چونکە ((پرۆسـەی داهێنانی شـیعر، پتر لە بواری داهێنانی زماندا خۆی دەنوێنێت)) (مەحمود، ٢٠٠٩: ١٣٥) (پ. د. محمد مەعروف فەتـاح) ڕای وایە لادانی واتـایی: ((شـکاندنی یاسـاکانی دیوی ناوەوەی زمانن و پەیوەندییەکی پتەویان بە گۆڕینی مەبەسـت و واتا و تێگەیشـتنەوە هەیە))(پ.د.محمد مەعروف فەتاح، ٢٠٠٧: ١٨) یان (ناز ئەحمەد سـەعید، ٢٠١٣:

٢٥٥) گشت زمانەکان جەمسەرێکی واتاییان لە خۆیاندا هەڵگرتووە و ((هیچ زمانێک بوونی نییە، بە بێ بوونی واتا)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٤٩) ئەمەش مەیدانی لێکۆڵینەوە شێوازگەرییەکانی فراوان کردووە لەڕووی گرنگی پێدانی واتاییەوە؛ لەبەرئەوەی ئاستی واتایی هاوشێوەی ئاستەکانی (دەنگسازی و پێکهاتەیی) ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە پیشاندانی شێوازی هەر دەقێک، ئەمەش بە خستنەڕووی ئەو دیاردە واتاییانەی لە ناوەڕۆکی دەقدا حەشار دراون و داهێنەران بەهۆی زیرەکی و شارەزایی خۆیانەوە لە ئەنجامی لادان لە زمانی ئاسایی و پێشێل کردنی یاسا زمانیەکان دروستیان دەکەن، هەروەها شیکردنەوەی میکانیزمەکانی چۆنیەتی دروست بوونی دەلالەتە واتاییەکانی ئەم ئاستەش پێویستی بە خوێنەری وشیار و بیر قووڵ هەیە تا بتوانێت بە قووڵایی دەقدا بچێتە خوارەوە بۆ دۆزینەوەی کۆد و واتا شاراوەکان.

بەمەبەستی دەرخستنی شێوازی ڕۆمانەشیعری (ئەڤین ئاوی ژیانە) لە ئاستی واتا دا بابەتەکان لەم دوو تەوەرەیەدا پوخت دەکەینەوە:

## تەوەرەی یەکەم: وێنەی هونەری (الصورة الفنية – image poetry):

وێنەی هونەری لەڕووی سەرهەڵدانەوە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و بوونی بەندە بە شیعرەوە و لێی جیا نابێتەوە، ئەمەش تەنها پەیوەست نیە بە تەنها سەردەمێکی دیاریکراوی شیعری، بەڵکو ((شیعر لە هەموو سەردەمێکدا پشتی بە وێنە بەستووە، هەر لەو کاتەوەی شیعر هەبووە هەتا ئەمڕۆ، لەسەر وێنە بنیاتراوە))(ئەسوەد، ٢٠١١: ١٩٥). وەک زاراوەیەکی ئەدەبی وێنەی هونەری ((زاراوەیەکی نوێیە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بە هەوڵ و تێکۆشانی ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوایی هاتۆتە ئاراوە، میللەتانی تریش وەریان گێڕاوەتە سەر زمانەکانی خۆیان))(گەردی، ٢٠٠٤: ٢٥) واتا ئەم چەمکەش وەکو چەمکە ئەدەبیەکانی تر بەهۆی وەرگێڕانەوە لەناو زمانەکاندا بڵاوبۆتەوە و هەریەکەیان بەپێی جۆری زمانیان زاراوەیەکیان بۆ داناوە؛ بەجۆرێک ئەم چەمکە لە زمانی ئینگلیزیدا (image poetry) پێ دەوترێت، لە زمان و ئەدەبیاتی عەرەبیدا ((زاراوەکانی: الصور الشعرية، الصور الفنية، الصور الادبية بۆ دانراوە، هەروەها لەفارسیدا زاراوەی (صور خيال) واتا وێنەی خەیاڵ بۆ بەکاردەهێنرێت، هاوکات لە زمان و ئەدەبی کوردیشدا لای زۆرێک لە توێژەران و ڕەخنەگران بە زاراوەی جۆراوجۆر ناودێر کراوە[١] وەک: وێنەی ئەدەبی، وێنەی شیعری، وێنەی هونەری[٢])) (قارەمانی، ١٣٩٧: ٥) ئەم فرە زاراوەییە بۆچوونی جیاوازی ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی لێکەوتۆتەوە لەمەڕ پەسەند کردن و هەڵبژاردنی تاکە زاراوەیەک.

وێنەی هونەری وەکو چەمکێکی ئەدەبی لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکاندا چەندین پێناسەی جیاواز و جۆراو جۆری بۆ کراوە و هەر لێکۆڵەرێک بە پشت بەستن بە ڕێبازێکی ڕەخنەیی هەڵسەنگاندنی بۆ چەمکی وێنەی هونەری کردووە و لە بۆچوونەکانیاندا یەک ڕایی لەنێوانیاندا نەبووە و نەیان توانیوە تاکە پێناسەیەکی گشتگیر و یەکخراو بۆ وێنەی شیعری دابنێن، بۆ نموونە یەکێک لە پێناسەکان دەڵێت: ((وێنەی هونەری زمانی ئەندێشەیە و هەموو ئەو دیاردە هەست پێکراو و هەستە دەروونی و بۆچوونە ئەندێشەییە بەرجەستەکراوانە دەگرێتەوە، کە بەهۆی زمانەوە بۆ خوێنەر و گوێگر ئەنجام دەدرێ))(علی، ٢٠٠٧: ١٦٩) واتا کەرەستەی خاوی وێنەی هونەری ئەندێشە و خەیاڵە و لە ئەنجامی بیرکردنەوە و تێڕامانەوە بەرهەم دێت. هەروەها (دەریا جەمال حەوێز) لەبارەی وێنەی هونەرییەوە دەڵێت: ((وێنەی هونەری پێکهاتەیەکی گرنگی بنیاتی شیعرییە و لەشێوەی تابلۆیەکی شێوەکارییە، کەرەستەکانی وشەی جوان و خەیاڵی دەروونی شاعیرن، و بەهۆیەوە شاعیر ئەزموونی خۆی و تێڕوانینی بۆ دیاردەکانی دەوروبەری دەخاتە ناو چوارچێوەی دەقە شیعرەکەی))(حەوێزی، ٢٠٠٩: ٤٣) واتا کاتێک شاعیر لە شتەکانی دەوروپشتی وردەبێتەوە خەیاڵ و هەست و بیری تێکەڵ بە یەک دەبن و لە ئەنجامدا وێنەیەک لە مێشکیدا دروست دەبێ و پاشان لەڕێگەی زمان و پاڵپشت بە وشەی جوان و بەهێز ئەو وێنەیە لەشێوەی تابلۆیەکی قەشەنگ لەسەر پەرەی کاغەز دەنەخشێنێ و پێشکەشی خوێنەری دەکات.

لەڕووی ئەفراندنەوە وێنەی هونەری شێوەیەکی سادە و ساکاری نیە و هەر لەخۆیەوە دروست نابێ، بەڵکو شێوەیەکی ئاڵۆزی هەیە و زیاتر پشت بە خەیاڵ دەبەستێت و لەدەریای خەیاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، واتا ((خەیاڵ ئەو زەمین نشینەیە کە وێنەی شیعری دروست و بەرجەستە دەکات))(بایز، ٢٠١٣: ١٤١) جا ئەم خەیاڵەش دەشێ ڕابردوو بێت و لەیادگەدا هەڵگیرابێت، یاخود خەیاڵکردنە بۆ ئەو هیوا و ئاواتانەی مرۆڤ بۆ ژیانی داهاتووی دەیخوازێت؛ ئەمەش زۆرجار خەیاڵێکی ڕاستەوخۆیە و ڕەنگە لەئان و ساتی دیدەنیەکی سروشت و ڕووداوەکانی ڕۆژانەدا دروست ببێت. جگە لە خەیاڵ، شارەزایی و لێهاتووی و ((بەهێزی ئەندێشە و سەرنجی ورد و هەست ناسکی و وشیاری شاعیر))(محمد، ٢٠١٤: ٨) دەوری سەرەکی دەبینن لە نەخشاندنی وێنەیەکی سەرنجڕاکێش و ناوازەدا؛ لەبەرئەوەی شاعیریش هاوشێوەی وێنەکێش ((وێنە دەکێشێ، بەڵام کەرەستەی وێنەکێشانی شاعیر جیاوازە، کە شاعیر بەهۆی زمان و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و شێوازگەرییەوە لەتەک پشت بەستن بە خەیاڵ، وێنە دەکێشێت؛ بۆیە دەوترێت شیعر وێنەیەکی قسەکەرە و تابلۆش شیعرێکی بێدەنگە))(ئەسوەد، ٢٠١١: ١٩٤) ئەمەش ئەوە دەردەخات وێنەی هونەری قسەکەرێکی جیاوازە و بەرجەستەکەری حاڵەتە نەگووتراوەکانە، چونکە ((ئامانجی وێنەی هونەری دەربڕینی ئەوانەیە، کە ناتوانرێت بە زمانی ئاسایی دەربڕین و داهێنان لە وێنەوە دەستپێدەکات))(عەبدوڕەحمان، ٢٠٠٦: ٨) ئەو وێنەیەی شاعیری هونەرمەند دەینەخشێنێ بەشێوەیەکی گشتی بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبێ:

(( یەکەم: وێنەی وەسفی، کە لە ڕێگای وشە و دەربڕینی ڕاستەوخۆوە ئەنجام دەدرێت.

دووەم: وێنەی ڕەوانبێژی، کە لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە دێتە بەرهەم)) (دەشتی، ٢٠٠٩: ١٢١) هەر یەکێک لەو وێنانە توانا و ئەزموون و خەیاڵی بەرزی شاعیر و نووسەر دەوری تێدا دەبینێت لەڕووی ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر و گوێگر و دروستکردنی واقیعێکی زیندوو و چالاک یان سست و مردوو؛ چونکە شاعیر ئەگەرچی زۆریش خۆی بە نەخشاندنی وێنە شیعرییەکانی دەقێکەوە ماندوو بکات، بەڵام گەر سیحر و تەزویەکی تێدا نەبێ زەین و بیری خوێنەر نەخرۆشێنێ ئەوا کارەکەی سادە و بێ گیان دەردەچێت، واتا وێنەی شیعری لە ڕووی کارایی و چالاکیەوە دوو جۆری لێ دەبێتەوە:

١- وێنەی چالاک: ئەو وێنەیەیە، کە ئەرکی هونەری خۆی لە دەقدا بەجێدەهێنێت و دەبێتە ئامرازێک بۆ پەرەسەندنی واتاکان و دۆزینەوەی بابەتەکە و بەرجەستەکردنی دۆخ و هەڵوێستەکان. واتا چنینی هەر دەقێکی شیعری بەهۆی ئەم وێنەیەوە ئەنجامدەدرێت و بە بێ بوونی دەق دروست نابێت.

٢- وێنەی ناچالاک: جۆرە وێنەیەکی دامرکاو و سەرپێیە و توانایەکی لاوازی هەیە لە دۆزینەوە یان پەرەسەندنی بابەتە شیعرییەکان زۆرجار لەشێوەی ڕستەیەکی شیعری دەردەکەوێت، کە سیمای جوانی تێدایە، بەڵام زیاتر لە جۆرە ڕازاندنەوەیەک، کە ڕۆشنایەکی ئەوتۆ بە دەقی شیعری نابەخشێت، نزیک دەبێتەوە (کەریم، ٢٠٠٩: ٢٣) بەم پێیە بێت جۆری یەکەم پێچەوانەی جۆری دووەم ئەندێشەی بەرز و زمانی شیعری شاعیر ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن لە چۆنیەتی گەیاندنی سۆز و بیرەکانی شاعیر بە خوێنەر و پیشاندانی ئەرکی سەرکەوتووی وێنەی شیعری، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ئەو وێنەیەی شاعیر بە گرێدانی وشەی بەهێز و واتادار دروستی دەکات چەندین ڕۆڵ و ئەرک دەبینێت وەک:

١_ ڕازاندنەوە و جوانکردنی دەقی شیعری و گەیاندنی سۆز و بیری شاعیر بەخوێنەر.

٢_ گوزارشتکردن لەو واتا و دۆخانەی، کە جگە لە وێنە بە هیچ شتێکی تر گوزارشتیان لێ ناکرێت.

٣_ ئامڕازێکی ڕەخنەیی و پێوەرێکی گرنگە، کە ڕێگا بە ڕەخنەگر دەدات بە ناخی دەقدا بچێتە خوارەوە و نهێنییەکانی جیهانی دەق بدۆزێتەوە.

٤_ دوای نەمانی سەروا لە شیعری نوێدا ئەرکی لەیەک گرێدانی پارچەکانی شیعری گرتە ئەستۆ.(عیسا، ٢٠٠٩: ٢١) + (عزالدین، ٢٠١٩: ٢٦٢)

لە کۆی ئەوەی خرایەڕوو ئەوە ڕوون دەبێتەوە وێنەی هونەری ڕەنگدانەوەی دەروونی شڵەژاوی شاعیر و نووسەرە لە چوارچێوەی کۆمەڵە وشەیەکی بەرزی ئەدەبیدا و لە شێوەی زەخرەفەیەک لەسەر کاغەز دەنەخشێنرێت و بەهۆیەوە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و ڕۆڵی هەیە لە دەرخستنی شێوازی نووسەرەکە و ئاستی شیعرییەتی دەقەکە، واتا شێوازی ئەو وێنەیەی نووسەر یان شاعیر دەینەخشێنێ ڕادە و جۆری دەقەکە دیاری دەکات. ڕۆمانەشیعر، کە ژانرێکی پێکهاتووی تێکەڵ لە شیعر و ڕۆمانە و نووسەر بەشێوازێکی بەرز ڕووداوێکی ڕۆمانی لەچوارچێوەی چەندین وێنەی هونەری بەرز و چڕ و سەرنجڕاکێشدا باس دەکات و لەڕێگەی گرێدانی گەلێک وێنەی تاکەوە وێنەیەکی گشتی ناوازە دەنەخشێنێ.

خەیاڵی بەرزی مەهاباد قەرەداغی و بەهرە و هەبوونی ئەزموونێکی تاڵ لەگەڵ کارەساتی ناخۆشی ئەنفال بوونەتە هەوێنی لەدایکبوونی دەقێکی زیندوو و فرە وێنەی وەکو (ئەڤین ئاوی ژیانە)، کە خوێنەر بە خوێندنەوە و سەرنجدان لە دەقەکە هەست بە کۆمەڵە وێنەیەکی هونەری بەرز دەکات، کە هەریەکێک لەو وێنانە خاوەن ئەرکێکی ئیستاتیکی بەهێزن و هەموو ئەمانەش ڕۆڵ دەبینن لە دەرخستنی شێوازی بەرزی نووسەر. شێوازی وێنەکانی ڕۆمانەشیعرەکە بریتین لە:

## یەکەم: جۆرەکانی وێنەی ڕۆمانە شیعرەکە لەڕووی بنیاتەوە:

لێرەدا مەبەست لە چۆنیەتی دروست بوونی ئەو وێنانەیە کە دەبینرێن، ئەمەش سێ جۆر دەگرنەوە:

١. وێنەی تاک (الصورة المفردة):

بریتیە لە تاکە وێنەیەکی سادە و سەربەخۆ و بەهۆیەوە نووسەر وێنەی دیمەنێکی سروشتی یان ڕووداوێک، یاخود دیاردەیەک دەکێشێت لە چوارچێوەی دێڕێک یان نیوە دێڕێکدا، لەڕووی بنیاتەوە بە ((ساکارترین پێکهاتەکانی وێنەگرتن دادەنرێت))(کەریم، ٢٠٠٩: ١٦١) ئەم جۆرە وێنەیە لەناو دەقی شیعریدا بوون و مانایەکی سەربەخۆی هەیە وەکو ((ئەندامی لەش وایە و سەربەخۆیی دیاریکراوی خۆی هەیە، وەلێ بە دابڕانی لە ئەندامەکانی نری لەشەوە دەمرێت))(اصبح، ٢٠٠٩: ٥٣) بە لێکدان و کەڵەکەبوونی چەند وێنەیەکی تاک وێنەی لێکدراو دروست بووە. لە چنینی ڕۆمانەشیعرەکەدا نووسەر چەندین وێنەی تاکی بۆ کێشاوین، وەک دەڵێت:

**یارە تۆ تەماشای ئەو کۆرپە جوانە کە**

**لە پاڵ ئێمەوە کوژراوە و،**

**لەم دۆڵی ڕەشی لمەدا تووڕ دراوە** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٦٠)

نووسەر لەناو کۆمەڵێک خەڵکدا وێنەی کوشتنی تاکە کۆرپەیەکی ساوایی کێشاوە، کە چۆن دڵڕەقانە کوشتویانە و بەشێوازێکی نەشیاو فڕێیان داوەتە سووچێکی دۆڵەکەوە. یان دەڵێت:

**خەمبارتر بوون لەو هاوڕێیەت، کە ڕۆژێکیان بۆت باس کردم**

**بە زۆر تارای سپی بوکیان کردە سەری**

**کردیان بە دیاری بۆ پیرێکی سەرسەریی**(قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٩٢)

لێرەشدا نووسەر لەناو سەدان حۆری چاو بەخومار و بێنازدا وێنەی خەمباری کچێکی کێشاوە، کە چۆن بە بێ خواستی خۆی تارای سپی کراوەتە سەری و وەکو کاڵایەک کراوەتە دیاری پیرە پیاوێک.

٢. وێنەی لێکدراو (الصورة المركبة) (Compound image):

جۆرێکە لە جۆرەکانی بنیاتی وێنە و لە ئەنجامی یەکگرتنی کۆمەڵە وێنەیەکی تاک دروست دەبێ و لەڕێگەیەوە وێنەی چەند دیمەنێک دەخرێتەڕوو و تیایدا گوزارشت لە بۆچوونێکی ئاڵۆز دەکرێت؛ واتا وێنەی لێکدراو ((کۆمەڵە وێنەیەکی تاکە و بۆ پێشکەش کردنی سۆزێک یان بیرۆکەیەک یان هەڵوێستیک یەکیان گرتووە و ڕێککەوتوون، وێنەی لێکدراو زۆر ئاڵۆزترە لە وێنەی تاک؛ هەربۆیە

شاعیر بۆ دەربڕینی ئەو سۆز و بیرۆکە و هەڵوێستە ئەم جۆرە بنیاتە دەگرێتە بەر))(کریم، ٢٠١٧: ٩٠) لەمەوە دەردەکەوێت کاتێک نیەت و مەبەستی شاعیر نەتوانرا بە تاکە وێنەیەک بگەیەنرێت ئەوا پەنا بۆ ئەم جۆرە وێنەیە دەبرێت. مەهاباد قەرەداغی بە کێشانی چەندین وێنەی لێکدراو چێژێکی زیاتری بە خوێنەر بەخشیووە، کە هەڵقوولاوی سۆز و بیری گەرمی نووسەرە، وەک دەڵێت:

**گوێم لێ بوو لەو دیووی دیوارەکانەوە**
**خوشکەکانم فریادیان دنیا کاس دەکات**
**دایکم دەگری**
**نەنکم چەقۆ بۆ کوڕەکەی تیژ دەکات و،**
**پوورم بۆ سەربڕین لەسەر جاجمێکدا یخ دراوە** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ١٠٢)

نووسەر (هاوار و پاڕانەوەی خوشکەکان و گریانی دایکێک و تیژکردنی چەقۆ و سەربڕینی پوورێک) هەمووی لە پارچەیەکدا کۆکردوونەتەوە، توانیویەتی بە لێکدانی چوار وێنەی تاک وێنەیەکی لێکدراوی مانادار بکێشێت و بیری خوێنەر بە چوار شێوە بجووڵێنێت. هەروەها دەڵێت:

**کراسەکەت سپی بوو وەکو چۆڕی شیر،**
**تەنوورەکەت ڕەش بوو، ڕەشتر لە چاوی خۆت**
**پشتوێنەکەت سوور بوو، گوڵێکی پەمەییت بە تەوقەیەک لە قژی**
**قاوەییت دابوو، گوڵیەخەیەکی باڵندەت بە سینگدا هەڵواسیبوو،**
**هەڵۆیەکی باڵکراوە بوو لە سەروەختی فڕیندا**
**جانتای قوتابخانەت پێ بوو کاتێ هاتی**(قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٧٨)

ئەم وێنە لێکدراوە لە حەوت وێنەی تاکی بچووک پێکهاتووە و نووسەر بە شێوازێکی بەرز لەڕێی وەسف و لێکچوواندنەوە وێنەی کچێکی سەرنجڕاکێش باس دەکات، کە چۆن دڵی کوڕێک دەخاتە تەڵەی جوانیەکەیەوە، لێرەدا زۆر بە وەستایی وێنە تاکەکان پێکەوە گرێداون بۆ کێشانی وێنەیەکی گەورەتر.

٣. وێنەی گشتی (Holistic image):

کاتێک وێنە تاک و لێکدراوەکان لەناو پێکهاتەیەکی ئۆرگانیزمیدا یەک دەگرن دەبن بە یەکەیەکی گەورەتر و لە ئەنجامدا وێنەی گشتی دێتەکایەوە و لەچوارچێوەیەگی گشتیدا خەیاڵی بەرزە فڕ و فراوانی شاعیر ئاشکرا دەکرێ، کە لەو کاتانەدا پێویستە ((شاعیر لە دروستکردنی وێنەی گشتیدا نەفەسی درێژ بێت و خاوەن سەلیقەیەکی بەرز بێ بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوان و تۆکمە و پڕ لە واتا بنیات بنێت))(عیسا، ٢٠٠٩: ١٠٦) لەبەرئەوەی ((ئەوەی کە شاعیر دەری ئەبڕێ جۆرە بەربەرکانییەکی خودییە، یا ئەوەتا دۆخێکی دەروونییە، یان نواندنێکە بۆ هەڵوێستێکی مرۆڤایەتی))(ئەمین، ٢٠٠٢: ٧٧) لەم ڕۆمانەشیعرەدا زۆر وێنەی گشتی بەرچاو دەکەون، بۆ نموونە نووسەر لە شوێنێکدا دەڵێت:

**یارە گیان،**
**لە یادتە جارێکیان باوەشم بۆ سەرت کردبووە جۆلانێ و**
**ناولەپم کردبووە کەپری سۆز بۆ تەوێڵی گەرمت**
**تۆ چاوت لێکنابوو، من گۆرانیم دەچڕی**
**پڕ بە ئەوک سترانی بێدەنگیم بۆت دەگووت**
**ئەشکی تۆش ئەفینی ئاو دەدا، هەردووکمان دەگریاین**
**کانییەک لە تەنیشت ڕۆحماندا بێ پەروا هەڵدەقوڵا**
**بۆرکانێک لە ناخمان نێڵە نێڵ هەڵایسابوو،**
**دڵمان قوڵتەی دەهات، هەر دەکوڵا**
**ئامێزم بۆ سەرت کردبوو بە قەڵغان**

**تا تیری سەرنجی ناحەزێ نەپێکێ** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٤١)

لەم نموونەیەدا حەوت وێنەی تاک بە شارەزاییەکی زۆرەوە لێکدراون و وێنەیەکی گشتی هەمەڕەنگ و سەرنجڕاکێشیان پێ کێشراوە و خەیاڵ و بیری خوێنەر بۆ دیمەنێکی دڵداری کاریگەر کێش کراوە.

لە شوێنێکی تر دەڵێت:

**لە ژوورێکی بێ پەنجەرە، دەرگایەکی بە داری گوێز دروستکراو**
**بەڕەیەکی سوور لەمبەر و، لبادێکی سپی لەوبەر**
**حەسیرێک لەمبەر و حەسیرێکیش لەوبەر**
**سەرینێکی پەڕ لە تەنیشت من لای قۆڵی ڕاست دانرابوو**
**پشتییەکی پەڕ لە لای تۆ بەرگی پشتییەکە شاڵ بوو**
**هەموو شتێکی ئەو ڕۆژەم ورد ورد لەبیرە و**
**دەزانم بۆ وا لە دەروونم چەسپین** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ١٠٢)

وێنە تاکەکانی (ژوورێکی بێ پەنجەرە و دەرگایەکی دار گوێز و بەڕەیەک و لبادێک و حەسیرێک و سەرین و پشتیەک) لێکدراون و وێنەی ژوورێکی خنجیلانە و سەرنجڕاکێشیان دروست کردووە و هەموویان پێکەوە وێنەیەکی گشتی جوان پیشانی خوێنەر دەدەن.

## دووەم: جۆرەکانی وێنەی ڕۆمانە شیعرەکە لەڕووی بزاوتنەوە:

ئەو وێنانەی قەرەداغی لەڕووی بزاوتنەوە کێشاونی دوو جۆرن:

- وێنەی وەستاو (Fixed image):

وێنەی چەسپاویشی پێ دەوترێت، وێنەیەکە هاوشێوەی تابلۆیەکی بێ جووڵە خۆی دەنوێنێت و هیچ جموجۆڵ و گۆڕانێکی دیمەن و ڕووداوەکانی تێدا نیە و تەنها یەک لایەن پیشان دەدات، واتا ((ئەو وێنە یەکسەرەیە کە ئاسۆیەکی دیاری کراوی بەخۆوە گرتووە هیچ نرخێکی سروشدار و ناوەکی هەڵنەگرتووە و هێڵەکانی جێگیرن و گەشەکردنی چەسپاوە))(مەعروف، ٢٠٠٣: ١٢٢) ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی، کە کردارەکانی هیچ ڕۆڵێک نابینن لە بزاوتنی ئەم وێنەیە، بەڵام وەستاوی وێنەیەکی شیعری لەم شێوەیە لە دەقێکدا مانای ئەوە نیە هەموو دەقە شیعرییەکە وەستاو بێت، چونکە ((وێنەی شیعری ئەگەر وەستاویش بێت تەنیا لە ئاستێکدا وەستاوە، لەسەر ئاستی شیعرەکەدا وەستاو نییە، چونکە هاوبەشە لە بنیاتنانی شیعرەکەدا))(گەردی، ٢٠٠٤: ٢١٥-٢١٦)

دیاردەی وێنەی وەستاو لەم ڕۆمانەشیعرەدا سیمایەکی جوان و سەرنجڕاکێشی بە دەقەکە بەخشیووە، وەک نووسەر لەم شوێنانەدا دەڵێت:

**دوو جەستەی کۆتر و کوڕکوڕێ**
**کە تاقە جارێ ژووانیان هەبوو، ئەویش لە نیوەشەوی ژیان و**
**لە ژێر پردەکە، پردی سیرات، لە تەنیشت ماڵی خوا**
**چ ئەدرەسێکی سەیرە یار،**
**چەند گۆڕاوە ئەو هاوڕێ میهرەبانەی چاخی منداڵیم**
**نا ئەمەیان هەو نییە، من دڵنیام کەسێکی ترە و من نایناسم**(قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٣٦)

لێرەدا دەبینین نووسەر لە ڕێگەی دەستەواژەکانی (چاخی منداڵی، ژووانیان هەبوو) وێنەیەکی وەستاوی ئاشکرای دروست کردووە، کە کارەکانی وێنەکە بەردەوامی و جووڵەیان تێدا نەماوە و لە ئاستێکدا وەستاون. یان لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

**دێتەوە یادت کە بۆنی خاکوخۆڵی سەر ڕانکوچۆخە تۆخەکەت**
**کە بارانی بەهاران ئاوپەرژێنیان دەکرد،**

**عەتری سیحراوی خۆت و خاک چۆن و چەندیان مەست دەکردم؟** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٣٤)

لێرەشدا نووسەر بە ئاماژەدان بە گووتەی (دێتەوە یادت)، کە گوزارشت لە یادگارییەکی ڕابردوو دەکات و ڕووداوێکە تێپەڕیووە و بەردەوامی تێدا نەماوە وێنەیەکی وەستاوی بێ جووڵەی کێشاوە و لە هەمانکاتدا هەستی بۆنکردنی خوێنەر کەمەند کێش دەکات بەرەو ئەو بۆنە خۆشەی، کە بارانی بەهار لە زەویدا بڵاوی دەکاتەوە.

- وێنەی جووڵاو (الصورة المتحركة) (Mobile image):

پێچەوانەی وێنەی وەستاوە و کاری وێنەکە لە جووڵەیەکی بەردەوامدایە و وێنەیەکە لە بڕست و جموجۆڵ نەکەوتووە، وێنەیەکە ((دۆخی گەشەکردن و بزاوتنی شت و دیاردەکان دەردەخات، جوڵەش جۆرە تازەگەری و زیندوویەک ئەخاتە سەر وێنە و جوانیەکیش بە تابلۆکە دەبەخشێت))(عزالدين، ٢٠١٩: ٢٧٠) جووڵانەوەی کردارەکانی وێنەکە لە شێوەی چەند ئاڕاستەیەکی وەک (بەرەو خوارەوە، بەرەو سەرەوە، بازنەیی، پێچەوانەیی) دەردەکەون. خوێنەر وەکو فۆتۆگرافەرێک سەرنج دەداتە وێنە جووڵاوەکانی ناو ڕۆمانەشیعرەکە و هەست بەسەرسامی دەکات، وەک:

**جوانیان لەو گەڵایانەی پایز دەچوو کە بە دەم ڕێ و**
**لەژێر هەنگاوی ڕێبوارەندا دادەڕزێ و**
**خشەیان دێ**
**لەو سێوانە دەچوون کە هەر بەدارەوە**
**شوێنگازی کرم و، نیشانەی درم دەموچاویانی ڕنیبێ**
**لەو گێلاسە گەییوانەی لە لقوپۆپ بەردەبنەوە و،**
**لەژێر پێدا نەزیف دەبن، لووتیان دەپژێ** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٩٢)

گەڵای ڕەنگ زەردی دارەکان لە پایزدا بەدەم باوە لێدەبنەوە و وەکو فڕشێکی زەرد دەکەونە بەر پێی خەڵکی ڕێبوار و دەنگێک دروست دەکەن، هەروەها کاتێک سێو کرم و نەخۆشی لێیدەدات دەشێوێت و ناشیرین دەبێ، میوەی گێلاس، کە ڕەنگی سوورێکی خوێن ئاسایی هەیە کاتێک زۆر دەگات خۆی بەردەبێتەوە و ڕەنگەکەی لەشێوەی بەربوونی خوێنی مرۆڤێک دەردەکەوێت.
یاخود دەڵێت:

**لەو ساتانەدا کە هاتن،**
**کە شار و دێ وەکو ناولەپی سواڵکەر بەتاڵ کران**
**لەو کاتانەی کە بە قژ بەرەو ئیڤای خۆڵەمێشی پەلکێش دەکرام**
**لەو چرکە ساتەدا بیرم لە خۆم و قەڵەم و تۆ و تفەنگ و،**
**دیرۆک و کارەسات و شۆڕش و**
**هەموو دیاردە نادیارەکانی دی دەکردەوە** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٩٢، ٦٠)

لەم وێنەیەدا زۆری ڕێژەی کارەکان جوڵە و چالاکیەکی زیاتریان بە وێنەکان داوە، نووسەر ساتەکانی هاتنی ئیڤا خۆڵەمێشیەکانی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو باس دەکات، کە چۆن هەموو خەڵکەکەیان بە قژ ڕاکێشان و گریانەوە ڕاپێچی ئیڤاکان کردووە تا بە زیندووی زیندە بەچاڵیان بکەن، کاری (بیرکردنەوە) ڕانەبردووی بەردەوامە و هێزی جوڵانی زیاتری بە وێنەکە بەخشیووە.

## سێیەم: جۆرەکانی وێنە لەڕووی هەستی و ژیرییەوە:

شێوەکانی ئەم چەشنە وێنەش دابەشی سەر دوو جۆر دەبن:

- وێنەی هەستی:

ئەم جۆرە وێنەیە بەڕێگای یەکێک لە پێنج هەستە سەرەکیەکانی مرۆڤ (بینین، بیستنن، بۆنکردن، چەشتن، دەست لێدان) دروست دەبێ و هەر یەکێک لەو پێنج هەستەوەرە ڕۆڵی

سەرەکی دەبینن لە کێشان و هێنانەکایەیی وێنەی هونەریدا. مرۆڤی هۆنیار بەشێوازێکی هەستیارتر ئەو هەستانەی بەکاردێنێت و جیاوازتر لە مرۆڤی ئاسایی درک بەشتەکان دەکات؛ چونکە هەستەکان بەهێزترین ئامرازی شاعیرن بۆ دروستکردنی وێنەی شیعری سەرنجڕاکێش. جیاوازی ئەم وێنە هەستیانەش لەوەدایە، کە ((لاسایکردنەوەی دەقا و دەقی سروشتی شتەکان نییە، بەڵکو شاعیر بەهۆی ئەندێشەی خۆیەوە ئەو وێنانە دەخاتە ژێر ڕکێفی سۆزی خۆی و وێنەی جوان دەنەخشێنێت))(ئەحمەد، ٢٠١٠: ١١١)

ئەو وێنە هەستیانەی نووسەر لەم ڕۆمانەشیعرەدا کێشاونی بریتین لە:

١_ وێنەی بینراو:

ئەم جۆرە وێنەیە لە ڕێگەی ئەندامی چاو و هەستی بینینەوە دروست دەکرێت و سەرەکیترین ئەندامی هەستیارە و بەدایکی هەستەکانی تر ئەژمار دەکرێت، چونکە ((بینین لەسەرووی هەموو هەستەکانەوە دێت، لەڕووی توانای هەست پێکردنەوە وێنەی هونەریش ڕێژەیەکی زۆری بەر ئەم هەستە دەکەوێت))(گەردی، ٢٠٠٤: ٢٠٣) بۆ نموونە نووسەر لە وێنەیەکدا دەڵێت:

**دەمبینی کاڵێنەی چاوم پڕیەتی لە زیووی عەشقت**

**سۆمام پڕە لە نهێنی**

**کە تۆم دەدی، بە نیگایەک گەردانەی ڕازم دەبچڕا**

**دەوروبەرمان خەڵتانی تریفە دەبوو** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٣٥)

لەم وێنەیەدا نووسەر بە خامە و سەلیقەی بەرزی ساتی (قەتیسمانی فرمێسکی خۆشی) مەعشوق لەهەمبەر دەرکەوتنی عاشقەکەیەوە لە چوارچێوەی وێنەیەکی بینراوی جواندا کێشاوە و لەڕێگەی هەردوو کرداری ڕانەبردووی (دەمبینی، دەدی) گوزارشتی لە هەستی بینین کردووە. هەروەها لە وێنەیەکی تری بینراو و لە کابوسێکی ناخۆش و لەناو مەنجەنیقی چاڵی ئەنفالکردندا نووسەر بە خەیاڵی خۆی یەکەمین چرکەساتی بینینی جوانیە تایبەتیەکەی (پێغەمبەر یوسف (د.خ)) بەهۆی کرداری (دی) کە کورتکراوەی کرداری بینینە دەخاتەڕوو، وەک دەڵێت:

**لەو کابووسەدا یارە،**

**یوسفم دی، ئەو یووسفەی دەیانگووت جوانترین پیاوە** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٦٦)

٢_ وێنەی بیستراو:

هەموو دەنگە سروشتی و ناسروشتیەکان لە ڕێگەی ئەندامی گوێوە دەبیسترێن و وێنەی بیستراویش ((ئەو وێنانە دەگرێتەوە، کە بەهۆی گوێوە وەردەگیرێن، چونکە هەر وێنەیەکی شیعری لەسەر بنەمای دەنگ یا ئاواز یا مۆسیقا بنیات نرابێ، ئەوا لەڕێگەی هەستی بیستنەوە باشتر وەردەگیرێ و هەست بە خۆشی و جوانی وێنەکە دەکرێ)) (کەلاری، ٢٠١١: ٢٦٤) ئەم هەستە لای ئەو کەسانە زۆر چالاکتر و پێویسترە، کە خاوەن پێداویستی ئەندامی چاون و نابینانن. لەم ڕۆمانەشیعرەدا چەندین وێنەی بیستراو گوێی خوێنەر دەکەنەوە و خۆشیەکی زۆری پێ دەبەخشن. نووسەر لەڕێی ئاماژەدا بە ئەندامی (گوێ) وەسفی بیستنی دەنگی ئەو شۆفلانە دەکات، کە بەپێی ڕیزبەندی چاڵی مەرگیان لەو مرۆڤانە پڕکردۆتەوە، کە بە بێتاوانی زینەبەچاڵ کران، نووسەر ئەو چاڵانەی بە ژووانگە ناو بردووە و زۆرینەی دڵدار و دڵبەرەکان لەوێدا کۆتا ژووانی خۆیان بەسەربردووە، وەک دەڵێت:

**نزیکەی شەست خولەکی دی**

**وا گوێم لێیە دەڵێن دوای چاڵەکانی دراوسێ**

**نۆرەی ئەم ژووانگەیە دێ، داپۆشرێ** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٧١)

٣_ وێنەی بۆنکراو:
شاعیر لە ڕێگەی ئەم هەستەوە گەلێک وێنەی هونەری دەکێشێت و هەستی بۆنکردنی خوێنەر بە چەندین بۆنی جۆراوجۆر ئاشنا دەکات، ئەم هەستەش ((مەرج نیە هەرشتە بۆندارەکان بگرێتەوە، بەڵکو هەندێ جار دەبێتە نیشانە بۆ شتی واتایی و بیبۆن، بۆ نموونە (قسەکەی بۆنی خوێنی لێ دێت)) (کەلاری، ٢٠١١: ٢٧٦) مەهاباد قەرەداغی لە بۆنی لم و پیسی ناوچاڵ و زیندانەوە گەلێک وێنەی بۆنکراومان بۆ دەکێشێ، بۆ نموونە لە وێنەیەکدا دەڵێت:

**شوێنێ ئەما تیایدا شەمامەیەکی سۆراخت بە دیاری بۆ دانەنێم**
**دەمزانی ئەو شەمامانە بۆنیان دەگاتە ئاوەزت**
**بۆنی شەمامەی خەتخەتی پرسیارەکانی تۆش دەگەیشتنە من و،**
**بەرسڤیشم دەدانەوە** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٩٧)

بەکارهێنانی ناوی (شەمامە) گوزارشت لە بۆنێکی خۆش دەکات، کە بە مێشک و ئاوەزەوە دەنووسێت، شەمامە میوەیەکی بچووکی شێوە خەت خەتی بۆنخۆشە و لە کوردەواریدا دڵدارەکان شەمامەیان بە دیاری بە یەکتر داوە.
یان لە وێنەیەکی تری بۆنداردا نووسەر ئاماژە بە بۆنی باخی سێو دەکات، کە بۆن و بەرامەیەکی خۆش بڵاو دەکاتەوە، وەک دەڵێت:

**چۆن زانیت چێژ و بۆی باخی سێو ئەوەندە نایابە**
**هەر یەکجار بۆنی کەی دەبیتە حەیرانی و تا ماوی حەیرانی بۆ دەچڕیی** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٤٢)

٤_ وێنەی چێژکراو:
بەهۆی ئەم هەستەوە تامە جیاوازەکانی (تاڵی، شیرینی، سوێری، تفتی، ...) جیا دەکرێنەوە و شاعیران و نووسەران زۆر وێنەی هونەریان لەڕێگەی ئەم هەستەوە کێشاوە، هەروەها تاڵی و ناڕەحەتیەکانی ژیانی شاعیر زیاتر بەهۆی ئەم جۆرە وێنەیە دەخرێنەڕوو و لەمەوە خوێنەر باشتر ئاشنای ژیانی دەبێت. مەهاباد قەرەداغی ئەو ئازار و مەینەتیانەی لە سۆنگەی کارەساتی ناخۆشی ئەنفال چەشتوونی لە دوو توێی چەندین وێنەی چێژدارەوە خستوتە بەردەستی خوێنەر، هەروەک لە وێنەیەکدا دەڵێت:

**تا دەمتوانی خۆڵم دەجوو، کە گەورەش بووم**
**دایکم هەر بانگی دەکردم کوڕی خاکیی**
**تامی خۆڵ و شیری دایکم کۆکتێلێک[٣] بوون**
**مەگەر تامی ماچی تۆ ئەوەندەی ئەوان فەرامۆشیم پێ ببەخشێ** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ١٠٣)

نووسەر لەو وێنەیەدا وەسفی تامی خۆشی شەربەتی کۆکتێلی خۆڵ و شیر دەکات، لێرەدا (خۆڵ و شیر) ی وەک بەرهەمی دایکێکی میهرەبان ناساندووە، کە هۆکاری فەرامۆشیە، هەروەها تامی (ماچی یار) ی چوواندووە بە تامی (خۆڵ و شیر) کە سوکنایی و ئاسوودەیی بە جەستەی عاشق دەبەخشن. هەروەها لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

**یارە،**
**دەمزانی دەتوانم بە دەنگم زیندووت کەمەوە**
**دەمزانی ئەم یادە تاڵ و شیرینانە دەگەنە فریات و**
**ناهێڵن وا سانا ڕۆحت بە بێ من بەرەو ئاسمان بفڕێ** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٨٥)

هەردوو وشەی (تاڵ و شیرین) ئاماژەن بۆ شتانێکی تامدار و زۆر جار بە واتای مەعنەویش بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە دەوترێت: (ژیان پڕیەتی لە تاڵی و سوێری، یان ئەوە ژیانە چەندە تاڵی

تێدایە ئەوەندەش شیرینی تێدایە)، لێرەدا نووسەر هەردوو تامەکەی بەواتایەی یادگارییە (خۆشی و ناخۆشەکانی) ژیانی دوو دڵدار بەکارهێناون.

٥_ وێنەی دەست لێدراو (بەرکەوتن):

زۆرینەی ئەو شتە مادییانەی، کە هەڵگری سیفەتی (ساردی×گەرمی، ڕەقی×نەرمی، زبری× لوسی) ین لەڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە جیاوازییەکەیان دەردەکەوێت، کە بەو هۆیەوە شاعیران و هونەرمەندانیش چەندان وێنەی هونەری بەرزی بەرجەستەکراویان کێشاوە، چونکە هەستی ((بەرکەوتن هەستێکی گرنگە لە درککردن بە جوانی شتەکان و هەندێ جار شوێنی هەستی بینین دەگرێتەوە و لەویش کاریگەرتر دەبێت))(عەبدوڕەحمان، ٢٠٠٦: ١٠١) لە وێنەیەکی دەست لێدراوی ناو ڕۆمانەشیعرەکە نووسەر دەڵێت:

**تاوێ سەرت دەگرمە کۆش**
**تۆ ماندوویت و، نۆرەی منە بیلاوێنمەوە عەشقمان**

یان دەڵێت:

**یارە، لە کتێبێکی کۆن کۆندا**
**کە لە حەوتەمین چینی کتێبخانەیەکی ڕەنگئاسمانی**
**خواستبووم و دومخوێندەوە** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٧٦، ٩٩)

لە هەردوو وێنەدا نووسەر ئاماژەی بە شتی ماددی بەرجەستە داوە، کە لە وێنەی یەکەم (سەری مرۆڤ) و لە وێنەی دووەم (کتێب) ن و بەرهەستی بەرکەوتن دەکەون.

هەروەها نووسەر بە شێوازی تایبەتی خۆی و بە سەلیقەیەکی بەرزی هونەری هەر چوار هەستی (بینین، بۆنکردن، بیستن، بەرکەوتن) لە وێنەیەکی سەرنجڕاکێشدا کۆکردوونەتەوە و لەڕێگەیەوە وێنەیەکی لێکدراوی فرە هەستی کێشاوە، وەک دەڵێت:

**ئێمە هەمیشە بە هەستی بینین یەکترمان ون دەکرد،**
**بە هەستی بۆن یەکتریمان دەدیتەوە**
**هەستی بیستنمان وەک مشک**
**گوێی دەنایە ئەو دیووارە بەرزانەوە کە لە نێواندا بە خۆڕسک دروست دەبوون، بڵند دەبوون**
**هەستی بەریەککەوتنمان فێڵی لە هەموو یاسایەکی سروشت دەکرد** (٢٠٠٤: ٩٧)

١) وێنەی ژیریی (الصورة المعنوية) (Abstract image):

پێچەوانەی وێنەی هەستی بە هیچ کام لە پێنج هەستەکان دروست ناکرێت، بەڵکو لە مێشک و هزرەوە بناوان دەگرێت؛ هەربۆیە بە وێنەی واتایی و زەینیش ناوزەد دەکرێت. داهێنانی ئەم جۆرە وێنەیە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە بەرزی توانای بیرکردنەوەی زەینی شاعیرەوە لە بەرجەستەکردنی هەست و سۆز و بیرۆکەکانی. لەبارەی وێنەی واتاییەوە دەوترێت: ((دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ژیری، دوورە لە ڕەوانبێژی و هەستەکان و وەسفی باو، بەڵکو زیاتر بایەخی خۆشەویستی لەخۆ دەگرێت)) (کریم، ٢٠١٧: ٤٩)

بەهۆی ئەو خەم و نارەحەتی و ئازار و ناخۆشیەیی بینیویەتی مەهاباد قەرەداغی گەلێک وێنەی زەینی کێشاوە، کە گوزارشت لە مەینەتیەکانی نووسەر دەکەن و بە دەروونێکی پڕ لە کڵپە و سۆوە لە چەند وێنەیەکدا دەڵێت:

**بە چاوی ڕۆح دەمخوێندنەوە**
**هەموو ئەو نامانەی تەمەن**
**کە بە خامەی خەیاڵ و تریفەی نیگات دەیاننووسی**
**جووتە ئەستێرەکەی چاوت**

**دەمودەست دەگەیشتنە خۆری نیگام**
**مەخابن، هەزار و یەکەمینیان ئەدرەسی زەینمی ون کرد**
**ئەو کاتە بوو زەینم، زەینت، زەینی هەموو**
**ئارەزوویەکی قەترانی قەدەرێکی ئەستێرە دز ڕایان مالْی(٤)** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ١٠٧)

هەرچەندە نووسەر لەم نموونەیەدا وێنەیەکی زەینی بۆ کێشاوین، بەڵام بەوردبوونەوە لێی دەبینین وێنەکە دوو بەشە، بەشی یەکەمی هەستیە و ڕۆماننوس بەئاماژەدان بە (جووتە ئەستێرەکەی چاوت ، دەمودەست دەگەیشتنە خۆری نیگام) ئیشارەتی بەهەستی بینین کردووە، هەروەها لەبەشی دووەمدا وشەکانی (ڕۆح، خەیاڵ، زەین، ئارەزوو) گوزارشتن لە دەستەواژەی واتایی و لەناو مێشک و دەرووندان و بە چاو نابینرێن و ئەمەش پەیوەستە بە لایەنی ژیرییەوە.

ڕۆماننوس لە پارچەیەکی تریشدا وێنەیەکی تری تێکەڵەی هەستی و ژیری کێشاوە، وەک دەڵێت:

**ئەم یەکەمین خەندە و بزەی دوای مردنە**
**خەندەی یاخیبوونی کچە کۆرپەکەمان، ئەم منداڵە ژیر و زۆڵە**
**کە قەدەر بە گوڵلە و بە چاڵ پێشوازی کرد**
**ئەوی ساکاریش بە سۆز و خەندە لێی کردەوە تۆڵە**
**چ بەرسڤێکی ئاوییە دەیداتەوە بە پرسیارە زبرەکانی ڕق و کینە**
**ئەمە سیحر نییە، وەڵامی ئەڤینە!**
**تەنها بە خۆشەویستی ڕق دەبەزێت و،**
**تەنها بە خەندەی خەملیووی ئێرۆس (٥)تاناتۆس(٦) وەل(٧) دەبێ**
**چەند ئاوییە ئەم وەڵامە کۆرپەی هێژام**
**پرسیارە ئاگرەکان جگە لە خامۆشبوون چی تریان لە دەست دێ**
**بەرامبەر بە سیحری دانایی پەیامت؟**
**تۆ ماوی تا نازناوی ئاشتی لە کۆتر وەرگریتەوە و،**
**بیدەیتە تەوار و هەڵۆ** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ١٢٤- ١٢٥)

دوو نیوە دێڕی یەکەم وێنەیەکی هەستی دەرخستووە و نووسەر بەسەرەتایەکی هەستی وێنە زەینیەکەی کێشاوە و پاشان بە بەکارهێنانی وشەکانی (یاخیبوون، ژیر، ئەڤین، سۆز، ڕق، کینە، خۆشەویستی، دانایی، ئاشتی) گوزارشت لە مانای واتایی و زەینی وێنەکە کردووە، کە ئەمەش شێوازێکی تایبەتی ڕۆمانەشیعرەکە دەردەخات.

- وێنەی ڕەمزی:

یەکێکی تر لەو سەرچاوانەی داهێنەران (نووسەر و شاعیر) پەنای بۆ دەبەن لە کێشانی وێنەی بەرزی هونەریدا ڕەمزە تا لەو ڕێگایەوە هەستە شاراوەکانی خۆیان بە خوێنەر بگەیەنن و ئەوەی مەبەستیانە بە ناڕاستەوخۆی ئاشکرای بکەن، چونکە وێنەی ڕەمزی ((هۆکارێکی گرنگە بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی دەروونی شاعیر کاتێک دەیەوێت گوزارشت لە شتێک بکات، بەڵام ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو هەست و سۆزەی لە ناخی دایە دەریببڕێت؛ بۆیە پەنا دەباتە بە بەکارهێنانی ڕەمز، کە وەکو دەمامکێک دەیکات بە بەری دەقە شیعرییەکەدا))(کریم، ٢٠١٧: ٥٥) واتا کاتێک ڕێگای ڕەمز هەڵدەبژێردرێت، کە سانسۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی دەرگای دەربڕینی ڕاستەوخۆی بیروڕا بەرووی نووسەر یان شاعیردا دابخات و نەهێڵێت واقیع وەکو خۆی پیشان بدات. مەهاباد قەرەداغی وەک نیشتیمانپەروەرێکی چاو نەترس و خاوەن هەڵوێست هەرگیز لە دەربڕینی ڕاستیەکان و خستنەڕووی واقیع بێ دەنگ نەبووە بۆ ئەمەش هەموو هۆکارەکانی تاقی کردۆتەوە یەکێک لەوانە وێنەی ڕەمزی بووە، کە لە نووسینی ئەم ڕۆمانەشیعرەدا پەنای بۆ بردووە، وەک لە وێنەیەکدا دەڵێت:

**کە هۆشی منیش گەیشتە بەر دەروازەی ئەو دۆزەخە**

**بیرم لە تۆ و لە مریەم و، لە زوڵەیخا و،**
**لە کەژاڵ و، مەهاباد و، لە فادیمە و پێلا و سارا دەکردەوە**
**بیرم لە هەموو لەیلاکان دەکردەوە** (قەرەداغی،٢٠٠٤: ٩٦)

نووسەر بە ئاماژەدان بە کۆمەڵە ناوێک وێنەیەکی ڕەمزی سەرنجڕاکێشی دروستکردووە، کە هەریەکەیان بۆ خۆیان کۆدێکن، (مریەم و زوڵەیخا) هێمان بۆ دوو ئافرەتی ئایینی، (مەهاباد[8]) ڕەمزە بۆ کۆماری مەهاباد، (کەژاڵ و پێلا و سارا و لەیلا) گوزارشت لە ڕەمزێک دەکەن، کە تەنها نووسەر دەیزانێت و لە هیچ شوێنێکدا ئاماژەی بە مەبەستی ناوهێنانیان نەکردووە.

**هەموو جەستەم بوو بوو بە دەستێک و**
**پارچە ئاوریشمێکی چوار ڕەنگ**
**لەو سەحرایە دا دەمشەکاندەوە** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٥٢)

نووسەر لەم وێنە ڕەمزییەدا دەستەواژەی (پارچە ئاوریشمێکی چوار ڕەنگ) ی وەکو هێمایەک نیشان داوە بۆ ئاڵای کوردستان، کە لە چوار ڕەنگی جیاواز پێکهاتووە و هەریەکێک لەو ڕەنگانە گوزارشت لە شتێک دەکەن، (سور) هێمایە بۆ خوێنی لاوان و شەهیدانی کورد، کە لە پێناو ئازادی ڕشتویانە، (سپی) هێمایە بۆ ئاشتی و ئارامی و داواکاری کورد بۆ ئاشتی هەمیشەی لە سەر خاکی خۆی، (سەوز) هێمایە بۆ سروشتی سەوز و ئاوەدانی کوردستان، هەروەها (خۆرێکی زەرد) و ٢١ پڕشنگی زێڕین لە ناوەڕاستی ئاڵاکە هێمایە بۆ خۆری ئازادی کورد و ٣/٢١ ڕۆژی نەورۆز.

- تەوەرەی دووەم: لادانە واتاییەکان.

پێکهاتەی ناوەوەی زمانی هەر دەقێکی شیعری چەندین لادانی جیاواز و جۆراوجۆری تێدا بەدی دەکرێت، یەکێک لەوانە لادانە واتاییەکانە، کە لە ئەنجامی بەزاندنی یاسا ناوەکیەکان و دەستکاریکردنی واتای لۆژیکی و مەنتقی نێوان دال و مەدلولەکان دێنەکایەوە بە چەندین شێوە و شێوازی جیاواز دروست دەبن و ڕۆڵ دەبینن لە بەخشینی شێوازێکی ناوەکی بەرز یان نزم بە دەقی شیعری، واتا لادانی واتایی ((دیاردەیەکی زەقە لە زمانی شیعردا لە بێ ئاگایی نیە، بەڵکو بۆ مەبەستێکی قووڵ و سەرنجڕاکێشان و ڕازاندنەوە بەکاردێت))(دزەیی، ٢٠٠٩: ١٤٨) بە پشت بەستن بەو یاسا و بنەما واتاییانەی بەلایانەوە پەسەند بووە ڕەخنەگرەکان لە سەرچاوە زمانی و ئەدەبییەکانیاندا لادانە واتاییەکانیان بە چەندین زاراوە ناودێر کردوون لەوانە: (لادانی ڕاڤەیی و خوازەیی، لادانی ئیستیبدالی، لادانی سیاقی، پێکدادانی واتایی)[٩]

هەر یەکێک لەمانەش بەپێی میکانیزمی جۆری کارکردن و یەکانگیربوون لەگەڵ کرۆکی کارەکانیان چەند جۆرێکیان دەستنیشان کردووە، بەڵام ئێمە لێرەدا لەبەر سنووربەندی توێژینەوەکەمان لەسەر هەموو جۆرەکانی لادانی واتایی ناوەستین، بەڵکو تەنها باس لەو لادانە واتاییانە دەکەین، کە نووسەر لە ڕۆمانەشیعرەکەدا ئەنجامی داون، وەک:

یەکەم: دژەڕۆیی (Oxymoron):

دژەڕۆیی بەهەمان شێوەی پاڕادۆکس لەسەر بنەمای دژیەکی دروست دەبێ، بەڵام لە چوارچێوەی تەنها وشەیەکدا، بەو پێیەی لە دێڕێکدا دوو وشەی دژ لەپاڵ یەک یان نزیک لە یەکتر دێن و لەڕووی واتای فەرهەنگیەوە یەکتر ڕەت دەکەنەوە و هەریەکەیان لە جەمسەرێکەوە مانای ئەوەکەی تر پێچەوانە دەکاتەوە و لە ئەنجامی ئەمەشدا واتایەکی تازە دروست دەبێ، لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە دەوترێت دژەڕۆیی ((بەرامبەرکردنی دوو وشەی دژ واتایە، کە واتایەکی نوێ دروست دەبێت))(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧: ١٢٢) کۆی ئەم کارەش بە لادانی واتایی دادەنرێت. (محمد مەعروف فەتاح) ئەم جۆرە لادانەی بە (پێکدادانی واتایی)[١٠] ناو بردووە. بە پێچەوانە کردنەوەی واتای وشەکان قەرەداغی دیاردەی دژەڕۆیی لەم ڕۆمانەشیعرەدا ئەنجامداوە، ئەم نموونانەی خوارەوە گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن:

**چەند بزەیەکی شیرینە لە لێوتەوە،**

**کە ڕاتهێنام بە بینینی ببمە خۆر و،**
**هەر کە لەڕۆژهەڵات ئاوا بووم لە ڕۆژئاوا هەڵبێمەوە** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٨٧)

هەردوو وشەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) لە نیوە دێڕی سێیەمدا دژەڕۆین و مانای هەردوو وشەکەی بە ئەنقەست پێچەوانە کردۆتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێت و لە ڕۆژئاواوە ئاوا دەبێت.

هەروەها لە نموونەیەکی تردا نووسەر وشەکانی (یوسف + لاس، خەزاڵ + زولەیخا) ی پێچەوانە کردۆتەوە بە ئالوگۆڕکردنی شوێنەکانیان و وێنەیەکی نامۆی دروست کردووە، کە وایکردووە حاڵەتێکی وڕێنەیی ڕووی دابێت، یاخود لە قەرەباڵغی و نیگەرانیدا کەسەکان ناوەکان تێکەڵ بکەن و لە بەرامبەردا دووچاری سەرلێشێواوی بن بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتی ڕاستیەکان، وەک دەڵێت:

**چاوم هەڵدەگلۆفی تا بزانم ئەوە یوسفە یاخود تۆ**
**من خەزاڵم یان زولەیخا، کامیانم من، کامیانی تۆ**
**دەنگێ دەیگووت یوسف لاسە،**
**دەنگێ دەیگووت لاس یوسفە**
**یەکێ دەیگووت خەزاڵ و زولەیخا یەکن،**
**یەکێ دەیگووت زولەیخا خەزاڵە، یارە** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٦٧)

دووەم: پاڕادۆکس (المفارقة)[١١]:

ئەم چەمکە بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (Paradox) و ((بنچینەی وشەکە یۆنانیە و لەڕووی دروست بوونەوە لە دوو بڕگە پێکهاتووە، وەک (para) بە مانای دژ و (dox) بە واتای بۆچوون، کۆی وشەکەش (بۆچوونی دژ) دەگەیەنێت))(ویس، ٢٠٠٥: ٦٦) هەروەها لە زمانی فارسیدا ((زاراوەی (متناقض نما) بۆ ئەم چەمکە بەکاردەهێنرێت، کە مەبەست لێی: دوو قسەی دژ بەیەکتری، یاخود ڕاستیەک کە کۆکەرەوەی دوو دژ بێت، بۆ نموونە لە ئایینی مەسیحیدا هاتووە دەڵێت: (جهان با سقوط نجات خواهد یافت) واتە: جیهان بە ڕووخاندن ڕزگاری دەبێت))(حسەین، ٢٠٠٨: ٩٦) لەڕووی ڕەوانبێژییەوە پارادۆکس دیاردەیەکی شیعری پێچەوانەییە و دوو وشە یان دەربرین لەڕووی چەمک و ماناوە یەکتر قبوڵ ناکەن، بەڵام شاعیر بۆ مەبەستێک لەپاڵ یەکتردا بەکاریان دەهێنێت، واتا ((حاڵەتێکە بە ڕووکارێکی پێچەوانەی لۆژیک و نەرێنی ئەقڵی دەردەکەوێت، بەڵام دەتوانرێت لێکدانەوەی بۆ بکرێت بە ڕێگایەک کە واتایەکی ئەرێنی هەبێت))(ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٥٣) بەپێی ئەو واتایەیی هەیەتی (دلێر سادق کانەبی) ئەم دیاردەیە بە (دژواتایی) ناو دەبات و دەڵێت: ((دژواتا بریتیە لە بەیەکەوەهاتنی دوو وشە کە لە بەکارهێنانی خۆکاردا بەشێوەی دژ یا دژیەک بەکاردێن))(کانەبی، ٢٠٠٩: ٤٦)

لەڕووی بنەمای دروستبوونەوە پارادۆکس و دژەڕۆیی نزیکن لەیەکتر و لەبنەمای (دژیەک بوونە) سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام جیاوازیشن لەڕووی چوارچێوەی بەکارهێناوە، چونکە ((پارادۆکس لە ڕستەیەکدا یان لە فرێزێکدا واتایەکی شاراوە لەخۆیدا هەڵدەگرێت، بەڵام دژەڕۆیی هەمان کار لە چوارچێوەی وشەیەکدا ئەنجام دەدات))(قادر، ٢٠١٤: ١١٥) ئەمەش ئەوە دەردەخات سنوور و مەودای پارادۆکس لە بەکارهێنانی دەربڕینە دژەکاندا دیاریکراو نیە و فراوانترە لەچاو دژەڕۆیی.

ئەم دیاردەیە جگە لەوەی هۆکاری جوانکاری و ئیستاتیکای دەقە، هەروەها شێوازی بەرز و تایبەتی شاعیریش دەردەخات لە ئەنجامدانی لادانە واتاییەکان و یاریکردن لە ناوەوەی دەقدا. مەهاباد قەرەداغی لە بەکارهێنانی دیاردەی پارادۆکسی سەرکەوتوو بووە لە چەند شوێنێکدا دەڵێت:

**بێ ئەوەی من شوێن و سۆراخت بزانم**
**بۆ ژێرخانی بەهەشتێکی دۆزەخئاسایان ناردبای،**
**بیانکردبای بە سەردەستەی فریشت و حۆرییان** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٩٣)

لێرەدا نووسەر وشەکانی (بەهەشت و دۆزەخ) ی لەگەڵ یەکتر بەکارهێناون و سیفەتی ناخۆشی و نارەحەتیەکانی دۆزەخی خستۆتە پاڵ بەهەشت لەکاتێکدا بەهەشت شوێنی حەسانەوە و خۆشیەکانە.

یاخود دەڵێت:

**با بە چاوی کراوەوە، بە زیندوێتی بمرین و،**

**بە یاخیبوون پێشوازی لە مەرگ بکەین** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٥٥)

لە نیوە دێڕی یەکەمدا گرێی (زیندوێتی بمرین) بۆتە پارادۆکس و نووسەر هەردوو دژی زیند و مردووی خستۆتەپاڵ یەک و وا وێنای کردووە پێچەوانەی هەموو مرووەکان هەندێک کەس بە چاوی کراوەوە مردوونە و هەناسەش دەدەن.

یاخود لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

**لە ئاشکراترین گۆشەی ژیانماندا پەنهانی کەین**

**.**

**.**

**.**

**ئاشکراترین پەنهانی**

**کە هەموو کەس جگە لە خۆمان دەیزانی**

**بە داپڕان دەست پێدەکات، بە کارەسات کۆتایی دێ** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٢٨)

لێرەشدا نووسەر وشەکانی (ئاشکرا و پەنهانی) پێکەوە هێناوە و لادانی تێدا ئەنجامداوە بەوەی کە سیفەتی ئاشکرایی خستۆتە پاڵ پەنهانی و لە کاتێکدا مانای پەنهان پێچەوانەی مانای ئاشکرایە.

سێیەم: دانەپاڵ- خستنەپاڵ (الاسناد):

دانەپاڵ یەکێکە لەو لادانە واتاییانەی، کە جان کۆهین لەڕووی ئەرکەوە لەپاڵ ((التحدید- دەستنیشان کردن)، (الوصل- گەیاندن)) (کۆهین، ١٩٨٦: ١١٤) دایناوە، مەبەست لە دانەپاڵ وەکو لەناوەکەیەوە دیارە خستەپاڵی سیفەتێکە بۆ شتێک یان دیاردەیەک، ناوێک، کە لەبنەڕەتدا ئەو ناو و شت و دیاردەیە هەڵگری ئەو سیفەتە نین، بەڵام شاعیر بە مەبەست ئەو دانەپاڵە ئەنجام دەدات، کە بەهۆیەوە لادان لە لۆژیکی بوونی شتەکە یان دیاردەکە دێنێتەکایەوە، کە ((هەندێک جار لادانەکە لە ئەنجامی دەستکاری یاسا سینتاکسییەکان دروست دەبێت، هەندێک جاریش بە دانان و خستنەپاڵی وشەیەک لە چوارچێوەی سینتاکسەوە دەبێت، بەڵام لێکدانەوەی لۆژیکی بۆ ناکرێت، ئەم جۆرە دانەپاڵەش بونیاتی زمان قووڵ دەکاتەوە و جۆرێک لە داهێنان و ناوازەیی بە پێکهاتەکە دەبەخشێت))(ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٥٦) دانەپاڵەیش چەند شێوە و شێوازی هەیە، کە ئێمە لێرەدا تەنها ئەو شێوازانە دەخەینەڕوو کە نووسەر لە ڕۆمانەشیعرەکەدا ئەنجامی داون، وەک:

- بەکەسکردن- بەمرۆڤکردن (التشخیص- Personification):

جۆرێکی دیاری دانەپاڵە و بریتیە لە ((پێدانی سیفەت و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بە نامرۆڤ، ئەوسا ئەو شت و بونەوەرانە زیندووبن یان بێ گیان، یاخود شتی نابەرهەست و ژیریی بن))(خضر، ٢٠١٦: ٢٠٧) ئەم جۆرە دانەپاڵە زۆربەی جار لەڕێگەی خواستنەوە ئەنجامدەدرێت و شاعیر بەهۆیەوە لادانێکی واتایی سەرنجڕاکێش پیشانی خوێنەر دەدات.

نووسەر لە شوێنێکی ڕۆمانەشیعرەکەدا دەڵێت:

**دڵی لەتلەتبووی ڕاگوێزراوی چیا و، ڕۆحی شاخ** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٤٧)

نووسەر وێنەیەکی جوانی بە کەسکردنی کێشاوە و (دڵ و ڕۆح) کە دوو ئەندام و سیفەتی مرۆڤن خراونەتە پاڵ (چیا و شاخ)، چونکە ئەمانە بێ گیانن و دڵ وەکو ئەندامێکی بەرجەستە و ڕۆحیش وەکو شتێکی نەبینراو و نابەرجەستە تەنها تایبەتن بە (مرۆڤ + ئاژەڵ)، وێنەکە بەم شێوەیە دەرکەوتووە:

دڵ + چیا = بە کەسکردن

ڕۆح + شاخ = بە کەسکردن = زیندەوەر (مرۆڤ و ئاژەڵ)

هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

**بووم بە عاشق.. عاشقی چاوەکانی تۆ و بەژنی بڵندی کوردستان** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ١٠١)

لێرەشدا نووسەر بەهۆی ئەوەی (بەژن بڵندی) خستۆتە پاڵ (کوردستان) دانەپاڵێکی واتایی بە کەسکردنی ئەنجامداوە، لەبەر ئەوەی (بەژن بڵندی) تەنها سیفەتی مرۆڤە و بەتایبەتیش وەکو وەسف و پیاهەڵدانێک بۆ (ئافرەت) بەکاردەهێنرێت، بەڵام نووسەر لێرەدا خستویەتە پاڵ (کوردستان) وەکو کەسێکی جوان و سەرنجڕاکێش بەم شێوەیە:

بەژن بڵند + کوردستان = بە کەسکردن

یاخود دەڵێت:

**قورسە، زۆر قورسە قەناعەتی قەدەر بگۆڕی** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ١٢٣)

(قەناعەت) کە سیفەتی مرۆڤە نووسەر لەم وێنەیەدا خستویەتە پاڵ (قەدەر) و بە کەسکردنی ئەنجامداوە، هەرچەندە (قەدەر) شتێکی ئەبستڕاکت و ژیرییە، بەڵام لێرەدا بە زیندوو و بەرجەستە کراوە بەم شێوەیە:

قەناعەت + قەدەر = بە کەسکردن

لە وێنەیەکی تردا نووسەر دەڵێت:

**ڕووباری سیروانیش شینایی کردبوو بە کراس**

**لە کەناری ئێمەوە ڕاکشابوو دەیچڕی قەتار و،**

**سۆزی نەرمی گەرمیان** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٤٩)

وەک دەبینین سیفەتەکانی (لەبەرکردنی کراس و ڕاکشان و چڕینی قەتار) کە سێ تایبەتمەندی مرۆڤن لەم نموونەیەدا دراونەتە پاڵ ڕووباری سیروان و ڕووبارەکە بە کەسکردن کراوە بەم شێوەیە:

ڕووباری سیروان + کراسی شین = بە کەسکردن

ڕووباری سیروان + ڕاکشان = بە کەسکردن

ڕووباری سیروان + چڕینی قەتار = بە کەسکردن

- بە گیانەوەرکردن (ئاژەڵ + باڵندە):

پێدانی سیفەتێکی ئاژەڵانەیە بە مرۆڤ یان هەر شتێکی تری بێ گیان، کە لە ڕەگەزی ئاژەڵ نین، واتا ((هەرکاتێک وشەیەک بە سیمای (نائاژەڵییەوە) لە شوێنی وشەیەکی تر دابنرێت، کە بەپێی یاسای بەیەکەوەهاتنی لێکسیکی- فەرهەنگی دەبێت سیمای (ئاژەڵ) ی هەبێت ئەوا بە ئاژەڵکردن ڕووی داوە)) (کانەبی، ٢٠٠٩: ٤٤) لە سۆنگەی ئەمەوە هەر کاتێک ئەدگارێکی ئاژەڵی بەخشرا بە نائاژەڵییەک دیاردەی دانەپاڵ دێتەکایەوە. لە شوێنێکی ڕۆمانەشیعرەکەدا نووسەر دەڵێت:

**ئەو ڕۆژانەیان بیرهێنام**

**کە لە جەلادخانەیەکدا کەوڵیان کردم وەکو بزن** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ١٠٧)

ڕۆماننوس چۆنیەتی ئەشکەنجەدانی خۆی باس دەکات و سیفەتی بزنی داوەتە پاڵ خۆی، بەمەش حاڵەتی بەگیانەوەرکردنی ئەنجامداوە. هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

**بیرتە یارە،**
**سەردەمێ لەوێ تۆ هەڵۆ و من تەوار[١٢] بووم؟**
**هێلانەکەت لەسەر دارگوێزێکی کەڵەگەت[١٣] و شەکەت،**
**بەرامبەر هێلانەکەی من چێ[١٤] کردبوو**
**تەق تەق هەموو سپێدەیەک بە دەنووک**
**لە لقی ئەستووری ژێر هێلانەکەی منت دەدا** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ٦٩)

لەم وێنەیەشدا نووسەر ناوی باڵندەکانی (هەڵۆ و تەوار) ی هێناوە و (لاس) بە هەڵۆ و (خەزاڵ) بە تەوار چواندووە، کە هەردوو ئەدگاری دەنووک و تەقەتەق کردنی هەڵۆی خستۆتە پاڵ لاس بە مەبەستی کونکردنی دارگوێزێک و دروستکردنی هێلانەیەک لە نزیک دڵدارەکەی، بەمەش دوو کەس بە ئاژەڵ کراون و سیمای ئاژەڵیان پێ بەخشراوە.

- بەتەنکردن (التجسیم - Embodiment):

بەخشینی سیفەتی بەرجەستەییە بەو شتە مەعنەوی و واتاییانەی، کە قەبارەیان نیە و نابەرجەستەن، کەواتە ((بەتەنکردن پێدانی قەبارەیە بە هەموو ئەو شتانەی ژیرین و تەنێکیان نیە، شاعیر قەبارە و تەنێکیان بۆ دروست دەکات تاکو لە زەینی مرۆڤدا جێگیربن))(عیسا، ٢٠٠٩: ٨٧) نووسەر لە نموونەیەکی ڕۆمانەشیعرەکەدا دەڵێت:

**بەڕاستەی ڕاستگۆیی، ڕاستەڕێیەکمان تا ئاسمان ڕاکێشاوە** (قەرەداغی، ٢٠٠٤: ١٢٦)

(ڕاستگۆیی) شتێکی مەعنەوی و نابەرجەستەیە و ڕۆماننوس قەبارەی (ڕاستە) ی داوەتەپاڵ ڕاستگۆیی و لە زەیندا تەنێکی پێبەخشیووە و حاڵەتی بەتەنکردنی ئەنجامداوە، بەم شێوەیە:

ڕاستگۆیی + ڕاستە = بەتەنکردن

## ئەنجام:

١. وێنەی هونەری بەچەندین شێوازی هەمەجۆر و بەرز لە ڕۆمانە شیعری ئەڤین ئاوی ژیانەدا کێشراون و خوێنەر دەخەنە حاڵەتی بیرکردنەوە.
٢. وێنەی ڕەمزی پانتاییەکی فراوانی ڕۆمانەشیعرەکەی داگیرکردووە.
٣. لادانە واتاییەکان لە ڕۆمانەشیعرەکەدا ناواخنی دەقەکەیان قووڵترکردۆتەوە و نوسەر پەنای بردۆتە بەر چەند جۆرێکیان.
٤. (دانەپاڵ، دژەڕۆیی، پارادۆکس) دیارترین ئەو لادانە واتاییانەن، کە نووسەر لە ڕۆمانەشیعرەکەدا ئەنجامی داون.

## پەراوێزەکان:

١. بۆ نموونە ڕەفیق حیلمی زاراوەی (وێنەی فەنی، وێنەی شیعری) بەکارهێناوە. هەروەها گۆرانی شاعیر زاراوەی (نیگارخانەی خەیاڵی) و (وێنەی هونەری) بۆ بەکارهێناوە، هاوکات مامۆستا برایم ئەحمەد بە زاراوەی (وێنەی شیعری) ناوی بردووە، هاوشێوەی گۆران مامۆستا کامیل حەسەن بەسیریش زاراوەی (وێنەی هونەری) بۆ داناوە. بڕوانە: (کریم، ٢٠١٧: ١٨) + (قارەمانی، ١٣٩٧: ٥)
٢. لە نێوان ئەو سێ زاراوەیەدا هەر دوو زاراوەی (وێنەی شیعری و وێنەی هونەری) بەرێژەیەکی زیاتر بەرچاو دەکەون، لەڕووی واتاوە (وێنەی ئەدەبی) واتایەکی بەرفراوانتری هەیە لەچاو (وێنەی شیعری)؛ چونکە زیاتر ئەو وێنانە دەگرێتە خۆی، کە لەناو جۆرە ئەدەبییەکاندا دروست دەبن، هەروەها لەنێوان زاراوەی (وێنەی شیعری) و (وێنەی هونەری) دا زاراوەی (وێنەی هونەری) بە پەسەندتر هەڵدەبژێردرێت؛ لەبەرئەوەی پێکهاتەی هەر وێنەیەک لە شیعر وەربگرین دەبینین جۆرە هونەرێکی تێدا بەکارهێنراوە تا ئەم وێنەیە دروست بووە. بڕوانە: (عیسا، ٢٠٠٩: ١٩)
٣. کۆکتێل کۆکراوەی ناوی میوەکانی (شلیک، کێوی، مۆز، پرتەقاڵ)ە، کە تامێکی خۆشی هەیە و لە هاویندا سودێکی زۆری هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ.

٤. هەموو پارچەکە ماناکەی بەسەریەکەوە بوو؛ بۆیە ئەو نموونە زۆر و درێژەمان وەرگرتووە.

٥. ئیرۆس کوڕی ئافرۆدیت، لە بنەڕەتدا کوڕی خودای خۆشەویستی یۆنانی کەونارایە. پلاتۆن ئیرۆس دەکاتە هێزێکی پاکی جوانیناسی، کە بە (واتای گەڕان بە دوای ئەو شتە جوان و باشانە دێت کە مرۆڤ دەگەیەنێتە پیرۆزی) بڕوانە: (Origin- production. Wikiwand Com).

٦. تاناتۆس: چەمکێکی دەروونناسیە و بە بڕوای زیگمۆند فرۆید تاناتۆس غەریزەی مەرگدۆستی و خۆپەرستی و کینەیە بەرامبەر بە دەوروبەر، غەریزەی وێرانکردن و تێکدان و کەڵکەڵە ترسناکەکان و چێژ وەرگرتنە. بڕوانە:https://philosophie ٨٦blogspot.com.

٧. وەل: لە فەرهەنگی خاڵ بەمانای (وێڵی سەرگەردان) دێت بڕوانە: (خاڵ، ٢٠٠٥: ٤٩٥)، لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەش بەمانای (دەگەڵ) دێت بڕوانە: (هەژار، ١٣٦٩: ٩٢٦).

٨. نووسەر لە بەرواری (٢٢- ١- ١٩٦٦) لە شارۆچکەی کفری و لە ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد لە دایک بووە و ناونراوە مەهاباد.

٩. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو چەمکانە و ناوی ڕەخنەگرەکان بڕوانە: (سەعید، ٢٠١٣: ٢٦٢-٢٦٦).

١٠. نووسەر بە پێی ڕێژەی ڕۆیشتن لە کەمەوە بۆ زۆر چەند پلەیەکی جیاوازی بۆ ئەم چەشنە لادانە دەستنیشان کردووە، وەک:

_ پلەی ناتەبایی: کەمترین پلەی لادانە و لەو هەڵانە دەچێت کە لە هەڵبژاردنی وشەی هاوواتادا ڕوو دەدەن.

_ پلەی دژایەتی: لێرەدا واتاکان دژی یەکتر دەوەستن وەک ئەوەی یەکێکیان ئەوەی تریان بەتاڵ بکاتەوە و لە واتای بخات.

_ پلەی نەگونجان: بەرزترین پلەی پێکدادانە و واتاکان لە زیاتر لە سیمایەکدا لەگەڵ یەکتریدا ڕێک ناکەون.

بڕوانە: (فەتاح، ٢٠١٠: ٤٢٠- ٤٢١).

١١. لەگەڵ ئەوەی لێکچوونێکی زۆر لەنێوان دیاردەکانی (دژەڕۆیی- Oxymoron) و (پارادۆکسی- Paradox) و (پێچەوانەیی- Opposition) و (ئایرۆنی- Irony) هەیە و هەموویان لەسەر بنەما و بنەڕەتی (دژی= دژیەک) دروست بوونە، بەڵام هەریەکەیان خاوەن ئەدگار و سیمای تایبەت بەخۆیانن کە جیایان دەکاتەوە لە یەکتر. بڕوانە: (خضر، ٢٠١٦: ٢٣٣).

١٢. تەوار: بە مانای (مێینەی باز) یان بازی مێچکە دێت، کە جۆرە باڵندەیەکی گۆشتخۆرە. بڕوانە: (فەرهەنگی ئەناهیتا).

١٣. کەڵەگەت: باڵابەرز، بەژن درێژ، ئەمە وشەیەکی ناوچەییەی و لەناوچەی بیتوێن بەکاردێت.

١٤. چێ: بە مانای دروست کردن دێت و ئەم زاراوەیە لەناوچەی بادینان و زمانی کرمانجی سەروو بەکاردەهێنرێت.

# References


**First: Bazmany kurdy:**

**A- kteb:**

1- Amin, Abdulqadr Muhammad (2002) Wenay Shihry La Rebazy Romansy Kurdi da ,Dazgay Chapu Paxshy Sardam ,Sulaymaniyah.

2- Aswad, Nawzad Ahmad (2011) Farhangy Zaraway Adaby u Raxnaiy, Chapxanay Binaiy, Sulaymaniyah.

3- Ahmad, Safya Muhammad (2013) Ladan La Shihry Hawcharxy Kurdida,Chapxanay Haji Hashm,Erbil.

4- Eismahil (D.), Arsalan Baiyz (2013) Simay Shihry Kurdi Dway Raparin(1992 - 2002), Chappy Dwwam, Chapxanay Shahab, Sulaymaniyah.

5- Hsain (D.), Ali Tahir (2008) Raxnay Buniadgary La Tiorawa Bo Praktizakrdn , Chapy Yakam, ,Dazgay Chapu Paxshy Sardam ,Sulaymaniyah.

6.Hawezy, Daria Jamal hawez(2009),Wenay Runbezhy La Komalla Shihry (Shahid Ba Tania Piasa Dakat)y Qubady Jalil Zada, Chapxanay Kamal , Sulaymaniyah.

7- Dzaiy, (P.Y.D) Abdulwahid Mushir (2009) Watasazy - Chand Lekollinawaiaky Simantiky w Pragmatikia, Chapy Yakam, Chapxanay Xane, Erbil.

8- Dashti, (D.) husman (2009), Shihry Nawchay Mukrian – Niway Yakamy Saday Bistam, Mallbandy Kurdology.
9-Sahid, Naz Ahmad (2013), Ladan La Shihry Latif Hallmat Da, Chapxanay Binaiy Sulaymaniyah.
10- Hisa, Hawzhin Sllewa (2009), Bniaty Wenay Hunariy La Shihry Sherko Bekas Da, Chapy Yakam, Dazgay Chapu Paxshy Sardam, Sulaymaniyah.
11-Fatah (P.D), Muhammad Mahruf (2010), Lekollinawa Zmanawaniyakan, Chapy Yakam, Chapxanay Rozhhallat, Erbil.
12-Qaramany, Jhfar (1397), Zansty Rawanbezhy Adaby – Runbezhy, Chapy Yakam, Chapxanay Zanstgay Kurdstan.
13-Qaradaxy, Mhabad (2004), Avin Awi Zhiana, Chapy Yakam.
14-Kanaby, Dler Sadq (2009), Hande Ladany Zmany Lay Se Shahiry Nuwexwazy Kurd – Lekollinawaiaky Zmanawaniya, Chapy Yakam, Chapxanay Xane, Dhok.
15-Kalary, Husen Mahmud Ali (2008), Shewaz La Honrawakany Farhad Shakaly Da, Chapy Yakam, Chapxanay Yad, Sulaymaniyah.
16-Gardy, Sardar Ahmad Hasan (2004), Bniaty Wenay Hunary La Shihry Kurdida (1970 – 1991), Dazgay Chap w Paxshy Sardam, Sulaymaniyah.
17-Muhammad (D.) Dllshad Ali (2007), Dilan w Taqikrdnaway Shihry, Chapy Yakam, Dazgay Chapu Paxshy Sardam ,Sulaymaniyah.
18-Mahmud (D.), Azad Ahmad (2009), Buniaty Zman La Shihry Hawcharxy Kurdida (1985 – 2005), Chapxanay Haji Hashm, Erbil.

**B- Kteb Bazmany Arabic**

19-Kohn, Jan(1986), Bniat Aluxa Alshihrya, Tarjuma Muhammad Alwaly u Muhammad Alhmry, Altabha Awal, Dar Tubqal Llnashr, Aldar Albaiza – Almxrib.
20- Wais, (D.), Ahmad Muhammad (2005), Alnaziah Mn Manzur Aldirasat Alaslubiat, Altabhat Awal, Jamihat Halab, Majd Almuasasat, Aljamihiat Lildrasat u Alnashr u Altawzih.
21-Abu Asbah, (D.), Salh Xalil (2009), Alharakat Alshahryat Yf Falastiny Ahmaltlat, Dar Albarakat Llnashr u Altawzih, Auman.

**C- Namay Akadimy:**

22-Ahmad, Kazhal Hama Amin (2010), Bniaty Hunary La Shihrakany (Faraidun Abdul Barznji) Da, Namay Mastar, Zankoy Slemany – Kolezhy Zman, Sulaymanyah.
23-Xzr, Kamaran Ababakr (2016), Shewazi Shihry Hawcharxy Kurdy La Bashury Kurdistan – Krmanjy Nawarast La Salany (1980 – 1991) Da, Namay Mastar, Fakalty Parwarda, Zankoy Raparin, Qaladze.
24-Abdulrahman, Abdulsalam Salar (2006), Wenay Hunary La Shihry (Shex Nury Shex Salh) Da, Namay Mastar, Kolezhy Zman – Zankoy Slemany), Sulaymanyah.
25- Abdulah, Abdulsalam Najmadin (2007), Shikrdnaway Daqy Shihry Laruy Zmanawaniawa, Namay Mastar, Kolezhy Zman, Zankoy Salahadin, Erbil.
26-Qadr, Sherzad Abdulah (2014), Ladan la Shihry (Rafiq Sabir), Namay Mastar, Fakalty Zman u Zanstamrovayatyakan, Zankoy Slemany, Sulaymanyah.
27-Karim, Hogr Jmha Hama (2017), Wena la Taqikrdnaway Shihry Abdulah Pashewda, Namay Mastar, Kolezhy Parwarday Qaladze – Zankoy Raparin, Qaladze.
28-Karim, Farhad Qadr (2009), Bnyaty Wena la Shihrakany Hamdida, Namay mastar, Kolezhy Zman – Zankoy Slemani, Sulaymanyah.
29-Muhammad, Yusf Ali (2014), Bniaty Wena la Shihrakany (Mihry) da, Namay mastar, Klezhy Parwarda – Zankoy Salahadin, Erbil.

**D- Farhang Bazmany Kurdy:**

30- Aswad, Nawzad Ahmad (2011), Farhangy Zaraway Adaby u Raxnaiy, Chapxanay Binay, Sulaymanyah.
31-Xal, Shex Muhammady (2005), Farhangy Xal, Chapy Dwam, Chapxanay Wazaraty Parwarda, Erbil.
32- Mukryany, Hazhar (1369), Farhangy Hanbanaborina, Chapy Yakam, Chapxanay Puya, Srush – Taran.
**E-Govar Bazmany Kurdy:**
33- Mahruf, (D.), Kamal Mstafa (2003), Wena la Shihrakany (Qubady Jalilzada) Da, Govary Zankoy Slemany Zhmara 12, Sulaymanyah.
**F- Saity Aliktrony:**
34- Origin-Production.Wikiwand.com
35-https://philosophie86.blogspot.com.